# ژن و هەلی کار

نووسینی: ڕۆیا ڕەحیمی



**هۆکاری سەرەکی قۆمانی زۆرێك لە کارەساتەکانی دژ بە ژنان دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی سکسیستی لە ژنان و هەر ئەوەش وا دەکات کە ژنان یان واز لە کارەکانیان بهێنن و شوێنی ئەو کارە جێبهێڵن یان ناچار دەبن مل بدەن بۆ خاوەن کار یان بەرپرس و مودیرەکانیان کە لێرەدا ئەو توندووتیژییە یان بە نهێنی دەمێنێتەوە یان ئەگەریش ئاشکرا ببێت لە هەردوو حاڵەتدا باری دەروونی ژنانی کارکەر و فەرمانبەر تێك دەدات.**

ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر ئەوەیە کە ڕەخساندنی هەلی کار لە نێوان ژنان و پیاواندا نا عادڵانەیە و ژنان هەلی کەمتریان بۆ دەرەخسێنرێت و ئەم ناعەدالەتییە بووەتە هۆی چەندما کێشە و گرفت بۆ ژنان کە هەرکام لەم کێشە و گرفتانە لە بوارە جیاوازەکاندا قورگیان پێ دەگرێت و ئیرادەیان لێ دەستێنێت.

بەدڵنیاییەوە یەکێک لە گرینگ ترین هۆکارەکانی ژێردەستەیی و زوڵم لێکراوەیی ژنان دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی سەربەخۆیی ئابووری. سەربەخۆیی ئابووری بۆ ژنان هەمووکاتێک لە زێهنییەتی پیاو سالاریدا هێڵێکی سوری بۆ دانراوە و هەر ئەم مەسەلەیە دەریدەخات کە ژنان تا چە ڕادەیەک ناحەقییان لە بەرامبەر کراوە یا خود دەکرێت. ژنان چ لە نێو بنەماڵەدا یان چ لە نێو کۆمەڵگەدا دەبێت بۆ هەبوونی ئیرادەیەکی خۆیی کۆمەڵێک شت تێبپەڕێنن کە لە زۆربەی حاڵەتەکاندا لە نێو بنەماڵەدا دەبینین ڕووبەڕوی لێدانی باوک، برا یان مێردەکەی دەبێتەوە، تەنانەت ئەگەر ئەمەش ڕوو نەدات لە نێو بنەماڵەکەیدا و کێشەی بنەماڵەی بۆ کارکردن نەبێت دیسان ئەمە کۆمەڵگە پیاو سالارییەکەیە کە دەبێتە کۆسپێکی بەردەمی ژنان بۆ کار کردن.

دابەشکردنی دادپەروەرانە و بەبێجیاوازی هەلەکانی کار، دەرفەتێکی باشە بۆ ژنان کە بتوانن تا ڕادەیەک یا خود بەتەواوەتی لە بواری ئابوورییەوە سەربەخۆ بن، بەڵام بەداخەوە لە وڵاتە ئەدوا کەوتووەکاندا و تەنانەت لە وڵاتانی پێشکەوتووش هێشتا ناحەق و ناعەداڵەتی لە دابەشکردنی دەرفەتی کار کردن و دواتر دابەشکردنی مووچە دەبینرێت و پیاوان بەشی زۆرتریان بەردەکەوێت. تا برابەش کردن، نەبێت بە خوشک و برابەش کردن،ناتوانرێت باسی ئاییندەیەکی گەش و ئاسوودە بکرێت بۆ ژنان.

هێرشی هەمووڵایانەی ناعەداڵەتی و ناحەق لە بنەماڵە و کۆمەڵگەدا بۆ سەر ژنان بەردەوامە و دەبێت بە جدی بۆ کەم کردنەوە یا خود لەناو بردنی ئەم ناعەداڵەتیانە کاری بۆ بکردرێت و هەنگاوی بۆ هەڵبگیردرێت.

فیکری پیاو سالاری تەنیا پیاوان لە خۆ ناگرێت و ڕێژەیەکی زۆر لەژنانیش تووشی ئەم ڤایرۆسە بوونەتەوە و هەنێ جار لە زۆر تر و توند تر لە پیاوێک فیکری پیاو سالاریان هەیە، و کارکردنی ژنان بەلایانەوە نیشانەی بێحەیایی و عەیبەیە. لە حەقیقەتدا سەرچاوەی ئەم جۆرە بیرکردنەوانە دەگەڕێتەوە بۆ کلتوور و داب و نەریتی کۆنی چەند هەزار ساڵ لەمەو پێش و هەمیشەیش ژنیان بۆ ماڵ گوتووە و پیاویان بۆ دەرەوەی لێ کەوتووەتەوا.

هەر بەم بۆنانەوە دەبێت بە دانانی پیلانێکی تۆکمە و کاریگەر، پڕۆسەیەک دەست پێبکردرێت بۆ درووست کردنی کۆمەڵگەیەکی بەرابەر خواز کە مافەکانی مرۆڤ کە مافی کارکردن بۆ هەر ئینسانێک لە خۆ دەگرێت، تیایدا پێشێل نەکرێت. بنەماڵە کە فاکتەرێکی سەرەکی درووست بوونی کۆمەڵگەیە دەبێت بە شێوەیەکی جیدی ڕەچاوو بکرێت و بۆ لەناو بردن یان کەم ڕەنگ کردنەوەی ئەو جۆرە کلتوورە قیزەونانەی کە مافی کار کردنی ژن و بە گشتی ماڤی مرۆڤ بەلایانەوە موهیم نییە تێکۆشینێکی ماندوویی نەناسانە بکەین، دەبێت لە پێشدا بنەماڵەکان لە زێهنییەتی پیاوسالاری بسڕینەوە، ئێستا چ لە ڕێگەی ئاگا کردنەوەی ژنان و چۆنییەتی مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو جۆرە زێهنییەتە بێت یان چ لە ڕێگەی کۆنتاکتی ڕاستەوخۆ لەگەڵ پیاوان بێت بۆ ئاگادار کردنەوەیان لەو ڕەفتار و بیرە ناشایستەیان لە بەرانبەری کار کردنی ژنان.

بەدڵنیاییەوە پیاوان بێجگە لەوەی کە کارکردنی ژنان بەلایانەوە بە عەیب هەژمار دەکرێت، بە مەترسییەکی گەورەشی دەزانن چونکوو سەربەخۆیی ئابووری ژنان ڕێگەیەکە کە دەتوانن لە بەرانبەری داخوازییە ناڕەواکانیان ڕابووەستن، هەر بەم بۆنەیەوە بە هەر شێوەیەک بێت ڕێگە لە کار کردنیان دەگرن و ملکەچی ژنان وەک شەرەف و غیرەت پێناسە دەکەن.

لەکاتی کار کردنی ژنانیش ئەوەی لە دەستیان بێت دەیکەن بۆ سەلماندنی باڵا دەستیی خۆیان و ژێر دەستیی ژنان، کە هەمیشە جۆرێک بێت کە پیاوان فەرماندەر بن و ژنانیش فەرمانبەر .

ئێستا ئەگەر هەمان زێهنییەت و سیستەمی پیاوسالار، دەسەڵاتی سیاسی و نیزامی وڵاتێکیش بەدەستیانەوە بێت یان بەدەستی بگرن چی دەقۆمێت !؟

دەسەڵاتێکی پڕاوپڕ پیاوسالار هیچ کات ناتوانێت داکۆکی لە مافە سەرەتاییەکانی ژن وەک کار کردن بکات یا خۆد هەرگیز ناتوانێت هەلی کاری بە بێجیاوازی جنسی بڕەخسێنێت، وەها دەسەڵاتێکی سیاسی کە گریدراوە بەو سونەت و ئایینە کۆنانەی کە کار کردنی ژن و سەربەخۆیی ئابووری ژن بەلایانەوە قبووڵ نەکراوە، بەدڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین حەتا لە ڕەخساندنی هەلی کاری پێویست بۆ پیاوانیش تۆشی کێشە و قەیران دەبێت و ڕێژەی بیکاریش بە گشتی لە ئاستێکی بەرز خۆی دەردەخات و ڕێژەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان دەباتە سەرەوە!

بۆ نموونە پیاوێکی بێکار کە هەلی کاری بۆ نەرەخساوە یان دەرفەتی کارکردنی بۆ درووست نەبووە، زۆر ئەگەری هەیە لە بەرانبەر ژنەکەیەوە توونـد و تیژی بنوێنێت کە ئەمەش دیسان ناحەقییەکە دەر حەق ژنان. خۆکوژی، لەش فرۆشی، تووش بوون بە مادەی هۆشبەر لە ئەگەری فرۆشتن و کڕینی مادە هۆشبەرەکان، گۆشەگیری، نا ئومێدی و زۆر شتی تر کە لە ژنانی بێکار کە سەربەخۆیی ئابووریان نییە و هەلی کاریان بۆ نەرەخساوە، دەبنە هۆی قەیرانێکی قوڵی کۆمەڵایەتی کە دەرەنجامەکەی بەڕاستی زۆر مەترسیدارە لەسەر ژیانی هەمووان.

خاڵێکی تە کە دەبێ بخرێتە بە باس و لە بووڕای کۆمەڵناسییەوە لێی قووڵ ببینەوە، ژنانی کرێکار و کارمەندن کە ئەمان بە شێوەیەکی تر مافیان بن پێ دەکرێت و مەترسی زۆریش لە سەریان بوونی هەیە کە نموونەی هەرە ئاشکرای دەتوانێت پێدانی مووچەی کەم و کار لێکێشانی زیاتر و هەروەها دەستدرێژی بۆ سەر کەسایەتی و جنسێتییان.

لە ئێستادا لە زۆرینەی کۆمەڵگەکاندا هەلی کار بۆ ژنان دەڕەخسێت بەڵام لە هەمان کاتدا بوار بۆ توند و تیژی و دەستدرێژی و پێشێل کردنی مافی ژنانیش لە هەمان شوێنی کارەکاندا درووست دەبێت کە بە هەزاران ڕووداوی ناخۆش دژ بە ژنان و تێکدانی ئاسوودەیی و ئاسایشی شوێنی کاریانی لێ دەقۆمێت.

هۆکاری سەرەکی قۆمانی زۆرێک لە کارەساتەکانی دژ بە ژنان دەگەڕێتەوە بۆ تێڕوانینی سکسیستی لە ژنان و هەر ئەوەش وا دەکات کە ژنان یان واز لە کارەکانیان بهێنن و شوێنی ئەو کارە جێبهێڵن یان ناچار دەبن مل بدەن بۆ خاوەن کار یان بەرپرس و مودیرەکانیان کە لێرەدا ئەو توندووتیژییە یان بە نهێنی دەمێنێتەوە یان ئەگەریش ئاشکرا ببێت لە هەردوو حاڵەتدا باری دەروونی ژنانی کارکەر و فەرمانبەر تێک دەدات، تێکچوونی دەروونی و ناسەقامگیریی دەروونی ژنان، ئەنجامەکەی کۆمەڵگەیەکی نەخۆشە کە بەرهەم هێنەری کلتووری توند و تیژی و دەستدرێژی دەبێت و گەڕانەوە بۆ زێهنییەتی پیاوسالاری و قەتیسکردن و هێشتنەوەی ژن لە ماڵەوە، دوا دەرئەنجامی ئەو کلتوورە دەبێت کە کۆمەڵگە دووبارە وچەندبارە کردنەوەی نادادی دژی ژنان دەکاتە باو و دەبێت بە بازنەیەک کە ئازاری دەروونی و دەستدرێژی و کوشتن و هەژاری و کۆیلایەتی تێیدا لە سووڕانەوقەی بەردەوامدا دەبێت و هەرجارە قوربانی نوێتر و ژمارەی فراوانتری ژنانی لێقەوماوی لێدەکەوێتەوە.

کۆمەڵگە دەبێ لەوە تێبگات کە نەڕەخساندنی دادپەروەرانەی هەلی کار بۆ ژنان و پیاوان یان نائەمن کردنی شوێنی کاری ژنان، تەنیا شیرازە و چواچێوەی ژیانی بەختەوەرانە لە مرۆڤەکان تێک دەدات، تایبەت سیستەمی سیاسی دەتوانێت کاریگەری ڕاستەو خۆی هەبێت لە سەر ژیان و تەناهی کۆمەڵگە، کە گرێدراوی تاک بە تاکی کەسەکانی کۆمەڵگەیە، لە ئێستادا ئێمە لە ک ۆمەڵگەی ئێران باردۆخێکی پڕ لە مەترسی بۆ ژنانمان هەیە، جیاواز لەوەی کە سیستەمی حکوومەتی ئیسلامی ڕێگە بە کار و چالاکی ژن بە پێی توانایی خۆیی و بە شێوەیەکی دادپەروەرانە و بەرابەر لە گەڵ پیاواندا نادات لە هەمان کاتیشدا، نا ئەمنی درووست کردن بۆ ژنان لە شوێنی کارەکانیان و ترساندن و تۆقاندنی ژنان بۆ کار کردن لە دەرەوە و کاریگەری نەرێنی لە سەر هزر و دەروونی بنەماڵە و کەسەکان، لە هەموو هەوڵێکدا بووە کە ژنان بنێرێتەوە ماڵەوە و بیانکات بە ژن ماڵ، هەر لەو پێناوەشدا لە ڕێگەی ڕاگەیاندنە فەرمی و نافەرمییەکانییەوە، لە ڕێگەی سیستەمی پەروەردە و لە ڕێگەی دەمودەزگا ئایینی و ئەمنییەکانییوە لە هەوڵی بەرفراوانی لە ماڵ هێشتنەوەی ژنانی ئێرانن و هەلی کاریان بۆ ناڕەخسێنن و تەنانەت جێگەی کار و هەروەها نێو بازاڕ و شار و کۆڵانیشیان لێ نائەمن دەکەن کە ژنان بۆ خۆیان هەست بە ئەو مەترسییە دەستکرد و بە کلتوور کراوەی سیستەمی سیاسی بکەن کە بگەڕێنەوە ماڵەوە و زات نەکەن هەنگاو بۆ کارکردن لە دەرەوەی ماڵ و ڕۆشتن بەرەو ئابووری سەربەخۆ هەڵبگرن.

هەمیشە زۆرینەی کۆمەڵگە لە بن کاریگەری سیستەمی پەروەردەی حکوومی و هەروەها پروپاگەندی ڕەسمی، ئەو زێهنییەتە وەردەگرێت کە دەسەڵاتی سیاسی دەیەوێت و دەبێت بە کلتووری گشتی لە کۆمەڵگەدا کە بە زەقی و بەڕوونی دیار دەکەوێت، هەر بۆیە لە ئێستای ئێرانی ئیسلامیدا ژنان لە شوێنی کار و لە بازاڕیشدا ئەمنییەتیان نییەو ڕۆژانە تووشی دەستدرێژی و پێشێلکردنی مافەکانیان دەبنەوە.